# ڕۆژی شورا، وەلامێك بوو بۆ زامی هەڵەبجە !

سامان کەریم
Zaryak@yahoo.com

بە ڕیکەوت ساڵیادی ڕۆژی شورا لە گەڵ ساڵ یادی ڕۆژی شومی کیمیایی بارانی هەڵەبجەدا، تەنها یەك ڕۆژیان لە نیوان دایە. بەلاّم ئەوکات لە ساڵی 1991دا لەکاتی ڕاپەریندا، ئێمە یادی ساڵرۆژی هەڵەبجەمان لە ڕۆژی شوارکاندا کردەوە. ڕۆژی شورا لە ڕێکەوتی 18/ ی ئازاری ساڵی 1991دا لە بەردەرکی سەراو بەبڕیاری نوێنەرانی ڕاستەوخۆ هەڵبژیردراوی دانیشتوانی شاری سلێمانی ڕیکخرا، کە بە پیێ هەمان بڕیار یادکردنەوەی ساڵرۆژی هەڵەبجەش بوو. لەم کۆبونەوەیە جەماوەریە گەورەو فراوانەی شوراکاندا کە زیاتر لە 30 هەزار کەس بەشداری تێداکرد، ئەم ڕۆژەی کردە ڕۆژی یەکانگیربونی خواستو ئاواتی هەموو ئەو ئینسانانەی کە نەفرەت لەو کردەوە چەپەڵو فاشستیە دەکەن کە دەرحەق بە دانیشتوانی هەڵەبجە کرا. داواو خواستە ئینسانیەکان، هەروەها ڕاگەیاندنو ووتەکان، کە لەمرۆژەدا سەبارەت بە م ڕوداوە جەرگ بڕە کرا، هیواو ئامانجێك کە لە ڕۆژی شوراکاندا خرایە ڕوو، ڕیگا چارەیەك کە نیشان دراو ڕاگەیەنرا بۆ ڕزگار بوونی خەڵکی کوردستان، ڕیگا چارەیەکی ئینسانیو کۆمۆنیستی بوو، ئەڵتەرناتیڤێك کە چەوسانەوەی چینایەتی بنەبڕ دەکاتو بەوپێیەش چەوسانەوەی قەومیو جنسیو تەواوی نایەکسانیو ئیتسبدادیك بۆ هەتا هەتایە ناهیلێتو خەلك لەسایەی سیستێکی ئاوهادا بە ئازدای و یەکسانیو ژیانی خۆیان درێژە پێدەدەن. هەروەها ڕیگا چارەیەك بوو، بۆ ڕیگا گرتن لە دوبارەبونەوەی ئەو جۆرە لەکارەساتو کوێرەوەریانە. بەم پێیە ڕۆژی شورای بووە ڕۆژی یادکردنەوەیەکی دروستو وەلامدەرەوە بە کارەساتی کیمیایی بارانی هەڵەبجە.

بەلاّم ئەمساڵ لە یادی 18 ساڵەی هەڵەبجەو یادی 15 ساڵەی ڕۆژی شوراکاندا، ئاڵوگۆڕیکی هیجگار فراوان بەسەر کۆمەڵی کوردستاندا هاتووە. بە سادەیی دەکرێت بڵێین کە حکومەتی ناسیونالیستی بەعس گۆڕ بە گۆڕ بوو، وە سەرۆکی ئەم حکومەتە هارەی قەومی عەرەبی ئێستا لە زیندان دایە. صدامو دارودەستەکەی 3 ساڵە روخاونو لە دەسەلاّت لا بروان. بەلاّم لە کوردستاندا 15 سالە حکومەتەکەی بەعس دەسەلاتی نەماوە. 15 ساڵە ناسیونالیزمی کوردو هەردوو حزبە دەسەلاتدارەکەی لە کوردستان فەرمانڕەوایی دەکەن. بەلاّم 15 ساڵە خەڵکی کوردستان چیان پێبڕاوە؟ 15 ساڵە دەیان هەزار ئینسان کوژراونو تیرۆرکراونو دەربەدەر کراون. 15 ساڵە تەواوی سەرەوەتو سامانی خەڵکی کوردستان لە گومرگو باجی ئاوو کارەباو ترافیكو خانوبەرەو پارەی کارگەو تەلەفۆناتو دەئاخنرێتە گیرفانی ئەندامانی سەرکردایەتی هەردوو حزبی دسەلاتداترو کۆمەلێکی گچکە لە سەرمایەدارانی گەورەی دەوروبەری خۆیان. 15 ساڵە زەویو زارو باخو باخاتو سەیرانو سەیرانگای خەڵکی کوردستان دەبێتە موڵکی ئەندامانی سەرکردایەتی هەردوو حزبو ڕۆژ بەرۆژ سەرمایەو تەلارەکانیان گەوەترو جوانتر دەبیت. 15 ساڵە پارەو پولی 688 دەخۆن کە بۆ خەڵکی کوردستان دانراوە. دەسەلاتی ناسیونالیستی کورد ساتێك بەبیانوی شەری نێوخۆیانو ساتێکی دیکە بە بیانوی ترس لە حکومەتی بەعسو ساتێکی تر لە دوای روخانی حکومەتی بەعس بە ئاماژەکردن بۆ "گورگەکانی بەغدا" ئەو گورگانەی خۆیان هاوپەیمانیان دەکەنو بە بیانوی ئەوەی کە بەغدا نایدات، خەڵکی کوردستانیان لە سایەی برسێتیو کەمی موچەدا ڕاگرتوەو و تەنانەت ڕۆژانیك لەسایەی "مامۆستایان سەر دانانەوینن بۆ موچە" یەك پولیان موچە نەدەدا. بەلاّ 15 ساڵە ئەم دەسەلاّتە لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، تا پێیکرابیت سەرکوتی کردوە، تا پێیکرابیت خەڵکی ئازادیخوازو ڕۆژنامەی پێشکەوتنخوازی داخستوەو قفلی لە دەرگاکەی داوە، وە تا پێیکرابیت ئازادیخوازنی لە زیندانەکاندا بەند کردوە. لەم ساڵانەی دوایدا کەوتە تەقەکردن

له خەڵكی كەلارو ئاكرێو سلێمانیو كەركوكو كۆیە.... ئەمە كارنامەیەكی كورتی دەسەڵاتی ناسیونالیستی كوردە، كە ڕاستەوخۆ دوای دەسەلاتی ناسیونالیستی عەرەب هاتن.
بەڵام هەر ئێستاو لە م مانگەدا و لە مانگی ئازارداو پاش 15 ساڵ بەسەر مانگی شوراكانی كوردستانو پاش 18 ساڵ بەسەر مانگی كیمابارانی هەڵەبجەدا... لەكوردستان چ باسە؟ مامۆستایان خەریكی ناڕەزایەتینو ئیمزا كۆدەكەنەوە لە پیناو زیادبونی موچەكەیاندا! خەڵكی هەڵەبجە ناڕازینو دەیانەوێت ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕن دژ بە كەمی خزمەتگوزاریو خویندكارانی هەڵەبجە كە لەزانكۆی سلێمانی دەخوێنن، خەریكی نارەزایەتینو بەرپرسانی یەكێتی خەریكن دەست بەسەریانا دەهێنن بۆ ئەوەی لایەنی كەم جاری ڕاوەستنو لە یادی 3/16دا هیچ ڕونەدات.... نرخی تەواوی كالاكانو پیداویستیەكانی ژیان هیجگار بەرزەو لەتوانای موچەخۆرانی فەرمانگاكاندا نەماوەو بەم موچە كەمە ناڕازین. موچەیەك كە فەرمانبەرانو مامۆستایانو كریكاران وەریدەگرن بەشی یەك هەفتە زیاتر ناكات، ئەویش ئەگەری كرێی خانوو نەدەیت! بەڵام موچە لەشوێنی خۆی چەقیوەو ئەم دەسەڵاتدارانەی كوردستان توانای ئەوەیان نیە دەریبهێننو ئەهلی ئەوەنین!
پاش 15 ساڵ لە سالرۆژی شوراكاندا، پاش 18 ساڵ لە یادی هەڵەبجەی كیمیای باراندا، پێویستە خەڵكی كوردستان هوشیارانە بیر بكەنەوە، پێویستە بیر لەوەبكەنەوە كەچۆن دەكریت بەتەواوی ڕیگا بگیریت لە دوبارەبونەوەی ئەم جۆرە كارەساتانە، كیمیایی باران، ئاوارەیی، ڕاگواستنو... ئایا بەرێگایەك كە یەكێتیو پارتی گرتویانەتە بەرو دەستی خۆیان تێگەلاو كردوە لەگەل ئیسلامی سیاسیو ئەمەریكادا بواری ئەوەهەیە خواستەكانی خەڵكی كوردستان بەدیبهینریتو وردە وردە زامەكانی هەلەبجەو ئەنفال ساریژ بن؟! ئایا بەو ڕیگایەی ئەوان پیادەیان كردوە، هیچ وەلامیك دراوەتەوە بە خەلكی هەڵەبجە؟! ڕیگاكانی ئەوان ڕیگای دوبارە پیادەڕەوییە بەهەمان تولە ڕیگادا كە چەند جار خەڵكی كوردستانو خۆشیان هەڵدێراون تیایدا. ئەوان نەك هیچ ئارەزوو ویستێكی سیاسی خەڵكی كوردستانو هەڵەبجەو خیزانی ئەنفالەكانیان ساریژ نەكردوە بەڵكو پارەوپولیان دەخۆنو موچەیان كەم دەدەنیو بێ كارەباو ئاوو تەلەفۆنو ڕیگاو بانی گونجاویان دەكەن، ئەمڕۆ خەڵكی هەڵەبجە خواستی وەك هەرزان بونی سوتەمەنیو دابینكردنی خزمەتگوزاریەكانی هەیە، ج چا بگات بەوەی كە هیواكانیان بەدی هاتبیت، ئەمڕۆ فەرمانبەرانو ماموستایانی هەڵەبجە موچەكەیان زۆر كەمە! ئەمە سەرەرای ئەوەی كە دەسەلاتی ناسیونالیزمی كورد ملیۆنەها دۆلاری وەرگرتوە بەهۆی هەڵەبجەو كارەساتی هەڵەبجەوە....
وەلام بە هەڵەبجە، هەمان وەلامی 1991/3/18 ە بەلام لە هەلومەرجی ئەمرۆدا، ئەو وەلامە، بەجیابونەووەی كوردستان وپێكهێنانی دەولەتیكی عەلمانیو ناقەومی مەیسەر دەبێت، دەولەتیك كە لەپێشەوە خەلكی هەلەبجەو ئەنفالەكانو تەواوی خەلكی كوردستان بەهی خۆیانی بزاننو خۆیان هەڵیبژێرن بەشیوەیەكی ڕاستەوخۆ. دەوڵەتیك كە مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەكانی خەلكی كوردستان بەشیوەیەكی فراوانو هەمەلایەنە دابین بكاتو ئیتر خەڵك ناچار نەبیت خۆپیشاندان بكات بۆئەوەی ڕیگاوبانی بۆ قیرتاو بكریت، بۆئەوەی سوتەمەنی پێبدریت بۆ ئەوەی موچەی بۆ زیاد بكریت... ئئیتر خەڵك بەهۆی ئەوەی ئازادانە قسەدەكات نەخریتە زیندانەوەو یان تیرۆ نەكریت.... ئەمە وەلامی ئەمرۆی شوراكانە، وەلامی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراقە، كە لەهەناوی شوراكان خۆی ڕێكسختو پێكهات، بە سالرۆژی یادی كارەساتی جەرگ بڕی كیمیایی بارانی هەڵەبجە.